## نەبەز گۆران: جیاوازی سیخوڕو ڕۆژنامەنوس یەك شتە..سیخوڕ لەناو خەڵك زانیاری كۆدەكاتەوەو دەیبات بۆ شوێنێك، ڕۆژنامەنوسیش دەچێت لەوشوێنە دەردەهێنێتەوەو دەیداتەوە بەخەڵك

نەبەز گۆران، ئەو نوسەرو ڕۆژنامەنوسە گەنجەی كە بەبڕوای خوێنەرەكانی ڕۆڵێكی بەرچاو دەگێڕێ لەخوێندنەوەی ڕووداوو هەواڵەكان و پەنجە خستنە سەر بابەتە هەستیارەكانی ڕۆژ، ئەمجارەیان لەگفتوگۆیەكی تایبەت بەچەند تەوەرێكی هەمەلایەن ئاوا وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە...

**ئامادەكردنی: هەڵۆ مەرگەیی**

**هەڵۆ مەرگەیی:** بەدرێژای مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی كوردستان ئەوانەی بنچینەكانی مانفێستی بوغزیان داڕشت و تائێستاش تەلارەكانی هەڵدەچنن بەبڕوای نەبەز گۆران كێن؟..

**نەبەز:** ناتوانین ناوی كەس دەست نیشان بكەین، چونكە ئەو مانیڤێستە پەیوەندی بەكلتورو ئادابی كۆمەڵگەیەكەوە یان سیستەمێكەوەهەیە، لەكەسێكەوە بۆناو گروپێك یان حزبێك یان شوێنێك دەگوازرێتەوە، تۆ كە لەناو كۆمەڵگەیەكدا پەروەردەبویت كەوتبێتە ژێر كاریگەری ئەو كلتورە توندانەوە حەتمەن بزوتنەوەی ڕزگاری خوازیشت ئەم پشكەی بەردەكەوێت، دەبێت ئێمە بەرلەوەی بێین قسەلەسەر ئەو كارەكتەرانەبكەین كە ئەم كلتورەیان لەگەڵ خۆیان گواستەوە بۆناو بزوتنەوەی رزگاری خوازی كورد، دەبێت بێین قسە لەسەر بنەمای كلتورەكە بكەین، قسەلەسەر ئەو دیاردەیەبكەین گوازرایەوە، ئەسڵەنە راستیەكەی دەبێت قسەلەسەر بزوتنەوەی رزگاری خوازی كوردبكەین، كە بزوتنەوەیەكە لە ڕەدلفیعلدادروست بوە، لەسەر بنەمای تۆڵەسەندنەوە دروست بوە، پرۆژەی گۆڕانی نەبوە، پرۆژەی تۆڵەوەرگرتنی هەبوە، پرۆژەی هەق سەندنەوەی هەبوە، كاتێك ئەم بزتنەوەیە پەیوەست بێت بەم بنەمایانەوە، هەڵبەتە رێگەی ئەو كارەكتەرانە باشتر دەكاتەوە كە قودرەی بوغز و هێزیان زیاترە، تا ئەو كارەكتەرانەی پرۆژەی چاكسازی و ریفۆرمیان پێیە، چونكە بزوتنەوەی سیاسی ئێمە بزوتنەوەیەكە بۆوەرگرتنی هەق خولقاوە، نەك بزوتنەوەیەك بێت بۆگۆرینی گوتارەكانی بەرامبەر خۆی مانیڤێست كردبێت.



**هەڵۆ مەرگەیی:** بەپێی هەبوونی فۆڕمی ئەندامێتی لەسەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان بەنەبەز گۆرانەوە زیاتر سێ هەزار ڕۆژنامەنوس لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، من قسەیەكی ئێوەم سەبارەت بەوباسە تائێستا لانیە؟..

**نەبەز :** راسیتەكەی ئەو سەندیكایە ئیفلیج بوە، ناتوانێت كارەكانی خۆی كە هەمی رۆژنامەگەریە ببات بەرێوە، وەرگتنی ئەو هەموو ئەندام حیزبە بەناوی رۆژنامەنووسەوە خۆی بۆخۆی كارەساتی گەورەی

ئەو سەندیکایەیە، نابێت ئێمە شانازی بکەین بەوە لەولاٌتەکەماندا سێ هەزار ئەندامی سەندیکایە، واتە سێ هەزار ڕۆژنامەنوس هەیە، چونکە لەراستیدا ئەم ولاٌتەی ئێمە بەمنیشەوە چوار ڕۆژنامەنووسی باشی تێدانیە، ڕۆژنامەنووسی پیشەیە، خوێندنە، نەك ئارەزو یان وەزیفەبێت، جا گەر ئێمە سێ ٚهەزار ڕۆژنامەنوسمان هەیە لەم ولاٌتەدا خەیرە هەوالٌەگرنگەکانی ناو ولاٌت لەکەنالٌەبیانیەکانەوە دەبیستین، من ئەندامی سەندیکام، بەلاٌم سەندیکا نە زەوی پێەداو م نەپێشی باشە هەرگیز بچمە ناو ئەو لیتسانەوە کە ئەو زەویان دەداتێ و دەیان نێرێتە دەرەوە، خۆشبەختانەش منیش زۆر بێمنەتم لەو سەندیکایە، چاوەرێی هیچیش ناکەم، چونکە دەمەوێت ڕۆژنامەنووسی بکەمە پیشەی خۆم، وەهەرگیز ڕۆژێك روینەداوە لەکاتی تەنگانەدا دەست بەرم بۆسەندیکا یارمەتیم بدات، هەموو جارێکیش کە پۆلیس دێت بەشوێنما بەبۆنەی ئەو داوایانەی لەسەرم تۆمار دەکرێن سەندیکا دەنووسێت لاریمان نیە لەبانگکردنی، ئەمە سەندیکاکەی من و تۆیە بەرێز ئیتر چاوەرێی چی لێدەکرێت، من ئەوەندەی ڕۆژانە بەدەست پۆلیسەوەم ئەوەندە بەدەست خۆمەوەنیم، کەچی سەندیکا نقەی لێوەنایەت، کاتێکیش تێهەلٌدان دەخۆین وەك عادەتی هەمیشەی خۆی ئیدانەی دەکات، کەئەمەش بمێنێت هەرباشە ! ! ئەم ئیدانەکردنەش ئەخلاقی حزبەکانە سەندیکاوەری گرتوە.

**هەلٌۆ مەرگەیی**: بەهەموو پێوەرە ڕۆژنامەوانیەکان دەبێ ڕۆژنامە چاودێری حکومەت وپرسە کۆمەلاٌیەتی و هەنکوییەکان بکات بەبڕوای نەبەز گۆران لەولاٌتی ئێمەدا کامیان چاودێری کامیان دەکات، حکومەت یان ڕۆژنامەکان، وە بۆچی؟..

**نەبەز:** ڕۆژنامە بۆرۆژنامە دەگۆرێت، ڕۆژنامەنووسیش بۆرۆژنامەنووسیش دەگۆرێت، لەولاٌتی ئێمە دوو جۆر ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسمان هەیە، ئەوانەی سەربەتایپی حزبن راستیەکەی کاریان چاودێری نیە کاریان ستایشکردنە، ئەوانی دەرەوەی حزبیش بەداخەوە خەریکە دەبینە ئۆپۆزسیۆن کەکاری ئێمە ئەوەنیە ببینە ئۆپۆزسیۆن، چونکە وەزیفەری ڕۆژنامەنووس رەخنەگرتنە، پیشاندانی راستیەکانە، گواستنەوی حەقیقەتەکانە، بەلاٌم چونکە لەولاٌتەکەماندا ئۆپۆزسیۆن نیە ناچار دەبێت ئێمە ئەو دەورەبگێرین، کەئەمەش زۆر خراپە، دەبێت لەمەولا خۆمان لەو هەلٌەیە بەدوربگرین و هەولٌبدەین پیشەوەری ڕۆژنامەنووسی بکەینە کاری خۆمان نەك ئۆپۆزسیۆنی، گەرتوانیمان ئەوەبکەین حەتمەن دەبینە چاودێر و دەنگیشمان زۆربەرز دەبێت.

**هەلٌۆ مەرگەیی**: دەزگا سیخوڕیەکان لەهەرکات و سەردەمێك زیاتر خزاونەتە نێو جیهانی ڕۆژنامەوانی، زۆرێك نەبەز گۆرانیش لەو خانەیەدا دەبینن؟..

**نەبەز:** زۆر کۆمیدیە، راستیەکە من ڕۆژنامەنووسم نەك سیخوڕ، بەلاٌم خەلٌك هێشتا بۆی رون نەبوەتەوە ڕۆژنامەنووسی چیەو سیخوڕی چیە؟ دەبێت بۆیان ڕونبکەینەوە، کاری ڕۆژنامەنووسی و سیخوری یەك تالٌەمووی فەرقە، ڕۆژنامەنووسی زیرەك ئەوەیە ئەو تالٌەموە نەپچڕێنێت، من هەولٌدەدەم هەمیشە ئەو تالٌەمووە بپارێزم، ئازیزم، ڕۆژنامەنوس دەبێت پەیوەندی هەبێت لەگەلٌ خەلٌك و دەسەلاٌتداراندا، دەبێت ئاگای لەگۆرانکاریە سیاسیەکانی ناوچەکەو دەرەوەبێت، من پەیوەندیەکی بەرفراوانم هەیە چ لەناو خەلٌکدا چ لەگەلٌ دەسەلاٌت دارە بالاٌکانی ولاٌتدا، دەسەلاٌتدارەکان تێدەگەن ڕۆژنامەنووسم، بەلاٌم زۆربەی خەلٌك لێیان تێك چوە، ئەو زانیاریانەی دەست من دەکەون وەك ڕۆژنامەنووسێك ئەمە هەقێکی منەو ئاسایە دەستم بکەون، گرنگ ئەویە زانیاریەکان وەك خۆیان دەگەینمە خەلٌك و لەخەلٌکیشەوە بۆدەسەلاٌت داران، وەلێ هەرگیز روی نەداوە من بکەومە ژێرکاریگەری هیچ کام لەو عەقلاٌنەی لەم ولاٌتەدا بالاٌدەستن و لەنزیکەوە دەیان ناسم، هەندێك جاریش کادیرە بچوکەکانی هەردوو حزب، ئەوانەی لەئاستی خوارەوەن لەمە حالٌی نابن، ناچار تۆمەت دروست دەکەن، ئەوەش بزانە پارتی و یەکێتی خەبیرن لەتۆمەت دروست کردندا بۆخەلٌکی، بەس من هیچ بەو قسانە نیگەران نابم، چونکە دواجار خەلٌك خۆی

تێدەگات کەمن کاری ڕۆژنامەوانی دەکەم نەك سیخوری، جیاوازی سیخور و ڕۆژنامەنووسیش یەك شتە، سیخور لەناو خەڵك زانیاری کۆدەکاتەوە دەیبات بۆشوێنێك، ڕۆژنامەنووسیش دەچێت لەو شوێنە دەری دەهێنێتەوەوە دەیداتەوە بەخەڵك، وەمن ئەوەدەکەم هەمیشە دەچمە نزیك گەورەترین دەسەڵاتەکانی ئەم وڵاتە زانیاریەکان دەهێنم و زۆر بەشەفافی بەبێ ترس دەیاندەم بەخەڵك، ئەمەیە کاری ڕۆژنامەنووس، برێك لەبەرپرسانیش بەمە نیگەرانن بۆیە هەرخەریکی تانەلێدانن، لێگەرێ بائەوەندە تۆمەت دورست بکەن تا شەرم دەیانگرێت، گرنگ ئەوەی ئێمە راستگۆبین هەم لەگەڵ پیشەکەی خۆمان هەم لەگەڵ هەژارانی ئەم وڵاتەدا، ئەمەیە پەیامی من.

**هەڵۆ مەرگەیی:** بەڵام ئێوە سەرسامی یان چاوەڕوانییەکی زۆرتان لەهەمبەر ئایندەی ( مەسرور بارزانی ) پشانداوە؟..

**نەبەز:** چونکە گەنجە.

**هەڵۆ مەرگەیی:** نەبەز گۆران زۆر لەمردن دەترسیێ؟..

**نەبەز:** نەوەڵا ، شتێکە دواجار هەردێت، تۆ دەبێت لەشتێك بترسی کەدێت بتوانی بەری پێبگری، مردن بەری پێناگیرێت، بۆترس لەمردنشتێکی بێمانایە، مردن لای من هێندەی تامکردنی بەرسیلەیەکی دەمەو بەهار ئاسانە.

**هەڵۆ مەرگەیی:** دوای ئەوەی ڕفێندران و ئازار دران گوایە لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەڵێن نەبەز گۆران بەپارەو سەردان ئاشتکراوەتەوە؟..

**نەبەز:** من جارێك نازانم ئەوانە کێ بوون؟ هەروەختێك ڕون بویەوە کەکێیە وەیل بۆئەو دەسەڵاتدارەی کە ئەو کارەی کردوە، دڵنیام بەس بەنووسین ئەوەندە شەرمەزاری دەکەم ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵێت، بۆپارەش، هەربەرپرسێکی ئەم وڵاتە هەرچی بەمن داوە بابڵاوی بکاتەوە من منەتم نیە، بارونتر بدوێم، من کوڕە هەژارم، نەخانوم هەیە, نەسەیارە، نەزەوی، تەنها مانگانە لەهاوڵاتی و لڤین و میدیا، مکافەئەم دەدەنێ بەوە دەژیم، جگە لەوە لەهەرشوێنێك هەرچیەکی منت بیست یان بینی دەستت ماچ دەکەم بڵاوی بکەیتەوە، بۆمەسەلەی سەردانیش، راستیەکەی من هیچ بەرپرسێك ڕێگەی لێنەگرتوم گەر ویستبێتم بچمەلای، لەگەورەترین دەسەڵاتەوە تابچوکترینیان دەناسم، یان هەندێکیان ناچمەلایان بەس دەمناسن، بشچمە لای هەربەرپرسێك حەتمەن بۆوەرگرتنی زانیاری دەچم تا لەوتارێکمایان لەنووسینێکما بەکاری بهێنم، پارەیی زۆریش لەخزمەتمایە وەلێ من وەری ناگرم، چونکە کاری من ئەونیە ببمە سەرمایەدارێکی باش تاپارە وەربگرم، ناشمەوێت خۆم پیس بکەم، کاری من ئەوەیە ببمە نووسەرێکی باش، نووسەرێ:ی راستگۆ، ڕۆژنامەنووسێ:ی سەرکەوتوو، ئەمەش پەیوەندی بەهەوڵێ خۆمەوە هەیە نەك کەسیتر، ئیدی پارەم بۆچیە تابچم پارەلەوانە وەربگرم بۆئەوەی ناشیرین بم، زەڕەیەك هەیبەتی خۆم ناگۆڕمەوە بەهەموو دەسەڵاتی ئەم وڵاتە، ئەم مۆدێلە ناشیرینە هەرلەم وڵاەداهەیە کە ڕۆژنامەنووس دەچێت پارە وەردەگرێت، دەبێت نەوەی ئێمە ئەم مۆدێلە فڕێبدات، تاببینە خۆمان، نەك ببینە ئوەی کە دەسەڵاتداران دەیانەوێت..

**هەڵۆ مەرگەیی:** نەبەز گۆران چەند پێناسی حیزبی گۆڕیون؟..

**نەبەز:** سەردەمی نەفامی، واتە سەردەمی موراهیقی پارتی بووم، هەموو کەسێکیش لەو تەمەنەدا هەڵەدەکات، ئیدی دوای ئەوە نازانم حزبی بوون یانی چی، وەلێ خانەوادەکەم هەموویان پارتین، خاوەنی چوار شەهیدیشم لەناو حزبی پارتیدا، بەڵام ئەمە شەهیدی خانەوادەکەممن، نەك من، چونکە من زۆر جیاواز لەوان بردەکەمەوە، من بەشوێن خۆمدادەگەرێم خانەوادەکەم بەشوێن حزبداگەڕاون، مەبەستم ئەوانەیە لەجیلی ئێمەنین لەناو خانەوادەکەما، ئەمان ئەوگەنجانەی ئێستە لەخانەوادەی ئێمە سەرهەڵدەدەن هیچکامیان وەلائیان بۆحزب نیە، کۆمیدیا ئەوەیە لەگەڵ باوکم زۆربەی جار ناکۆکیمانە

لەسەر ئەوەیە پێیێ ناخۆشە لەسەر حزبەکەی بنووسم، باوکم پێشمەرگەی ئەیلول و گولان بووە، خۆشبەختانە ئێستە باخەوانە، بەلام ترسی لەوە هەیە توشی لەناوچوون ببم، هەقی خۆیەتی، بەس دەکرێت زۆر جار ئێمە لەباوکەکانمان نەچین.

**هەلۆ مەرگەیی:** ئەوە مەیدانی ئەدەبە بۆتە جێی تەراتێنی ئەوانەی نازانن ئەدەب مانای چییە یان وازهێنانتان لەو بوارە هۆکارەکەی ئەوەیە ئێوە بەو دنیایە نەوێران؟..

نەبەز: هەمیشە لەناو دنیای ئەدەبدا دەژیم، گەر زۆربەوردی نووسینەرۆژنامەوانیەکانیشم بخوێنیتەوە دەرك بەوەدەکەی کاریگەری ئەدەب بەسەرمەوە هەیە، تازەترین کتێبیشم کتێبێکی ئەدەبیە، لەم ماوەیەدا دەکەوێتە بەرچاوتان، لەچاپخانەی رەنج لەهاولاتی چاپ کراوە.

**هەلۆ مەرگەیی:** قەڵەمەکانی بەعس چییان لەڕیتمی بەعسانەی کۆنە بەعسیەکان گۆڕیوە؟..

**نەبەز:** منیان تووشی سەرئێشەیەکی زۆرکردو خۆشیان پلەی بەرپرسیاریەتیان لەناو پارتی و یەکێتی دا بەرزتربویەوە !!

**هەلۆ مەرگەیی:** نوسەر هەیە دوانزە ساڵە لەسەر بەختیار عەلی دەنوسێ و بەختیار وەلامی ناداتەوە، ئێوە نوسەرانێکی لەو چەشنە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟..

**نەبەز:** ئەوە ڤایرۆسی بەختیاری تێدایە، دەبێت ئەنتی بەختیارێکی بۆدانێین، زۆرجار تووشی ئەو حاڵەتە ئەبم خەڵکێك هەیە لە سایتەکانی ئەنتەرنێت تائێستە زیاد لە دە وتاری لەسەر من نووسیوە منیش ووتومەبشمرێت بۆوشەیەکی من چوابی نادەمەوە، دەزانی چیە تۆکاری خۆت بکە لێگەرێ لەدواتەوە چی دەڵێن، گرنگ ئەوەیە شتێك بکەی خەڵکی دی نەیکردبێت، واتە لەگەڵ عادەتدا مەچۆ، هەوڵبدەرێگەی خۆت هەبێت، بیرلەوەمەکەوەلەخەڵکی دی بچێت، بیرلەوەبکەوە چۆن خەڵکی دی هەوڵبدات لەتۆبچێت، راستگۆیانە هەنگاو بنێ دڵنیابە سەردەکەویت، هەموو کەسێکیش کە بویە ناو کۆمەڵێك نەیاری بۆدروست دەبێت، کەسی سەرکەوتوو ئەوەیە خۆی سەرقاڵ ناکات بەو نەیارانەوە خۆی سەرقاڵ دەکات بەئیشەکانی خۆیەوە.

**هەلۆ مەرگەیی:** گووتارێکی نایەککگرتووی سەیرو سەمەرەی گەنجانە بەدیدەکرێ، وەك بستێ ئاسمان نەماوە ژوانێکی تیادا بگرم، شۆستەیەك نیە بۆ پیاسەکردن، با لێکدانەوەی نەبەز گۆران سەبارەت بەو باسەو پرسی گەنجان بەگشتی بزانین؟..

**نەبەز:** هەمووی نائومێدیە، دەبێت بەگەنجەکان بلێت ئازیزان، گەنج بوون ژیانە ژیان، وەرن باکاربکەین تا ژیان بدۆزینەوە، بەبێ دۆزینەوەی ژیان گەنج بوون کۆمیدیایەکی بێمانایە، ئێمە گەر ژیان بنیات نەنێین ناتوانین باس لەگەنج بوون بکەین، کێشەکە ئەوەیە گەنج نایەوێت ژیان بناسێت باس لەگەنج بوون دەکات، باخۆمان بچوك نەکەینەوە بۆ شۆستەیەك یان ژوانێك، ئێمە زۆر لەوەگەورەترەین، ئەوەندە گەورەین سوڵتانەکان ناگەنە چۆکمان، گەر واتەماشای بوونی خۆمان نەکەین ناچار نائومێد دەبین باسی شۆستەبکەین، گەر نائومێدیەکەش لەقوڵیەوەبێت ئەمە جێگەی خۆشحاڵی منە، بەلام دڵنیا نیم لەقوڵیەوە سەری هەڵدابێت، وەك دانتی دەڵێت" ئەی ئەو کەسەی دێیتە ناوەوە دەست لەهەموو ئومێدێك بشۆ" ئایا گەنجەکان دانتیانە بیردەکەنەوە؟ یان کۆمەڵێك دەستەواژەیە و بەکاری دەهێنن، ئایا گەنجەکان نیچەیانە بیردەکەونە" ئومێدەکان بەخرابترینی خراپەکان دەزانن" یان تەنها دەیانەوێت بەوشێوەیە تەعریفی خۆیان بکەن؟ ئەمانە هەموو پرسیارن دەکرێت وەلامیان بدەینەوە، ئێمە زۆربەمان توشی سەرلێشێوان بوین، پەیوەندیشی بەوەهەیە ناتوانین بگەرێینەوە بۆناو خۆمان تاببینە ئەو هێزەی گۆڕان دروست دەکات، گەرئەوەشمان نەکرد ناچار هەمیشە چاوەرێی دەسەلاتین و ئەویش تووشی نائومێدیمان دەکات، تکام لەگەنجەکان ئەوەی سەرەتا بیرلەناسینی ژیان بکەنەوە، پاشان

دەتوانن لەناو ژیاندا سومارەسەی گەنج بوونی خۆیان بکەن، کەئوەشیانکرد گۆران دروست دەبێت و دەسەلاتیش لەگەڵ گۆڕانەکەدا ناچاردەبێت دەست و پەنجە نەرمبکات.

**هەڵۆ مەرگەیی:** حیزب، ئایدۆلۆژیا، ئاین، کولتورو داب و نەریت، کامیان ڕێگرن لەکرانەوەی کۆمەڵگا؟..

**نەبەز:** هەرهەموویان پێکەوە پێویستیان بەگۆڕان هەیە.

**هەڵۆ مەرگەیی:** دەتەوێت پیاوی کورد چ سەبارەت بە دنیای ژنان بزانێت؟..

**نەبەز:** من ناتوانم بریار لەسەر پیاوان بدەم تا پێیان بڵێم چۆن تەماشای ژن بکەن، وەلێ هیچ نەبێت باهەموومان وابیربکەینەوە ڕوبەڕوی ئینسانێك بوینەتەوە لەئێمە ناسکترە، لەئێمە جوانترە، هاوڕێمانە لەژیاندا، هەست بەبیماری دەکات، هەست بە دڵتەنگی دەکات، بەس بتوانین ڕێزی بگرین وەك خۆی، جوانترن مەخلوقی ئەم سەرزەمینەیە، هەرچەندە من توشی بیماریەکی زۆر بوم لەگەڵ تاقە ژنێکدا، بەلاَم قەت نامەوێت وەك نیچەبکەم، "هەرکاتێك چوم بۆلایان قامچیەکە لەگەڵ خۆم ببەم".

**هەڵۆ مەرگەیی:** کێشەی ژنان بەهەبونی کەموو زۆری نوێنەرایەتی و حزرویان لەپەرلەمان و حکومەتدا چارەسەر دەبێت؟..

**نەبەز:** نا دەبێت کلتور بگۆڕین، عادەتەکان کاڵ بکەینەوە، هەیمەنەی ئاینەکان کەمێك کز بکەین، دەسەلاتی خێڵ لاوازبکەین، پاشان دەرگایەکیش بکرێتەوە تاژن بێت خۆی بناسێت بزانین چیمان پێدەبەخشن، بزانین ولاَتەکەی ئێمەش دەبێتە خاوەنی " فروغ ی فروغ زاد" کان؟

**هەڵۆ مەرگەیی:** چ حیکمەتێك بەنێوانی وەزارەتی وەرزش و لاوان و ڕۆژی ژنپارێزییەوە دەبینیت؟..

**نەبەز:** راستیەکەی من هیچ درکێك بەوەزارەتی وەرزش و لاوان ناکەم، کارەکانیشیان تائەوپەڕی لەلاوازیدایە، هەرخەریکی ڤیستیڤاڵ و خەلاَتن، ئەمەش خراپ تێگەیشتنیانە لەدنیای گەنج، بۆیە نامەوێت لەسەر وەزارەتێکی بێ کار زۆرقسەبکەم.

**هەڵۆ مەرگەیی:** تا ئێستا نەبەز چەند کیژۆڵە کوردی فریوداوە، یان چەند ئاڕت وەر گرتووە؟..

**نەبەز:** فریودان نازانم چیە، بەس کچێك لەژیانم هاتە ناو تەمەنمەوە، چەند ساڵێك هێمنی پێدام، کتوپڕ ڕۆی، وابزانم ئێستە ژیانی خۆی دەکات، تەنها ئەو کچەکوردەم ناسیوە، ئەو کتێبەش کە لەم ماوەیەدا دێتە بازاڕ بۆئەوم نووسیوە، حیکایەتەکانی من و ئەوە کە هەڵبەت گەنجەکان بۆئەزموونی ژیانی خۆیان دەتوانن سودی لێوە ببینن، چونکە ئەو کتێبە بێ شاردنەوە ژیانی من و ئەوە لەتەمەنی خۆشەویستیدا، هەم نامەکانمان، هەم شیعرەکانیش، سەرتاپا پڕە لە قسەشیرینەکانی یەسنا، یەسنا ئەو کچەبوو دەمەو عەسرانێکی درەنگ دەستی بەرزکردوەو ووتی " من بەکەڵکی ژیانی تۆنایەم"

**هەڵۆ مەرگەیی:** چ جیاوازییەك بەنێوانی یەکێتی و پارتییەوە دەبینیت، کامیان ئەوەی تر هەڵدەسوڕێنێ، بەمانایەکی تر کامیان لەپەراوێزی ئەوەی تردا دەبینیت؟..

**نەبەز:** ئەمانە دوو هێزن، هەندێك جاردەکەونە ژێر کاریگەری یەکدیەوە، لەشوێنێك بۆشوێنێکی دی ئەم کاریگەریە جیاوازە، لەگوتارێکەوە بۆگوتارێکی دی جیاوازە، ئەم دوو حزبە کەسیان توانای کاڵکدرنەوەی ئەوی تریان نیە، زۆریش لەیەك دەچن، کتومت هەرئەڵێی یەکن، چونکە هەردووکیان لەشوێنێکەوە هاتون کە کۆمەڵگەی کوردیە زۆرجار دەبێت وەك رەنگێك سەیریان بکەی، ئەمە تۆزێك درێژە گەر قسەی لەبارەوە بکەین، بەلاَم دووحزبن دەبێت کاربکەین بۆئەوەی بگۆڕێن نەك بۆئەوەی بڕوخێن، هەم ئێمە پێویستان بەگۆڕانی ئەوان هەیە هەم ئەوانیش دەبێت دان بەوەدا بنێن کە بگۆڕێن، چونکە گەر ئیش بۆڕوخانیان بکەین بەدیلی سێهەم مەترسیدارە.

**هەڵۆ مەرگەیی:** خوێندنەوەتان بۆ ئەمانە:

1. حەمە سەعید حەسەن

**نەبەز:** نایناسم

2. مەلا بەختیار؟..

**نەبەز:** شەش پۆستی هەیە، گەر شتێکی لێبێت جێگەی کۆمەڵێك کەس دەکرێتەوە لەناو یەکێتی دا.

3. سەلاحەدین بەهادین

**نەبەز:** سکرتێری یەکگرتوە، لەنزیکەوە دەیناسم، پیاوێ:ی زۆر هێمن و لەسەرخۆیە، سیاسەتێکی هێمنانە پەیڕەودەکات، وەك دوپشك نەرم نەرم دەچێت کاتێك دەزانی دەکێشێت بەتەوەقە سەری پارتی و یەکێتی دا.

4. مەلا کرێکار؟..

**نەبەز:** کابرایەکە هەرقسەدەکات، دەنگەدەنگی زۆرەبەلاّم کردەوەی نیە، ناتوانێت قەناعەت بەبراکانی خۆی بکات لەگەڵیَ بن ئیتر چاوەڕێی چی لێدەکەی.

5. قادر عەزیزو مادی 140 ؟..

**نەبەز:** ئەم دوانە دەبێت پێکەوە تاعزیەیەکی باشیان بۆدانێت و یەك فاتیحەی گەرمیان بۆبخوێنیت.

6. خەبات و کوردستانی نویَ؟..

**نەبەز:** دوو رۆژنامەی زۆرخراپن، لەبازرا کەس نایانکرێت بەزۆر دابەشدەکرێن بەسەر دەزگا حکومی و حزبیەکاندا.

7. کوردستان پۆست و کوردستان نێت؟..

**نەبەز:** دوو سایتن من هەمیشە شتەکانی خۆم لەویَ بڵاو دەکەمەوە بەتایبەتی کوردستان پۆست، لەبەرئەوەی هەموو مەسئولەکان بەیانیان نان و چا ناخۆن تاتەماشای کوردستان پۆست نەکەن، خوێنەریشی زۆرە لەئەوروپا، منیش شتەکانی خۆم لەویَ بلاّو دەکەمەوە بۆخوێنەرەکانی ئەوروپام.

8. ئاکۆ مەحمەدو ڕۆژنامەی میدیا ؟..

**نەبەز:** ئاکۆ هاورێمە، دۆستمە، زۆرجار ئامۆژگاریم دەکات بەگوێشی دەکەم، رۆژنامەکەشی یەکێکە لەرۆژنامە باشەکان، کەزۆرترین زانیاری تێدایە، بۆیە هەمیشە بەدڵخۆشیەوە وتاری بۆدەنووسم، ئاکۆ زۆر یارمەتیم دەدا، هەمیشە سوپاری دەکەم.

9. **نەبەز گۆران؟..**

**نەبەز:** گەنجێکی ئەم ولاّتەم وەك هەموو گەنجەکانی تر، ویستم ئەمساڵ بچمە زانکۆ پەشیمان بومەوە، وتم بائەوەی فێربوم لەزانکۆ لەدەستی نەدەم، کوڕەگوندیەکم، کە فەخر بەوەدەکەم خەڵکیگوندم، چونکە گوندیەکان بەشەهامەتن، زۆربەی ژیانم لەئۆردوگاکانی ئێران بەسەر بردوە.